# كوردو ئينتما بۆ حزب

عومەر كەريم بەرزنجی

تاكی كوردی ئەوەندەی ئينتمای بۆ خێڵ و حزب هەيە و پێوەی گرێ دراوەو پابەندە, هێندە ئينتمای بۆ نيشتمان و نەتەوەكەی نيە, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بوونيادە خێڵەكييەی عەقڵيەتی كوردی لێوە بەرهەم هاتووە ئەگەرچی "حزب لە كوردستان هەڵدەستێت بەوەزيفەی دروستكردنی جوگرافيايەك كە لەجوگرافيای خێڵ و عەشيرەت و خێزان و تەريقەت گەورەترە" بەلاَم نەيتوانيوە سنووری بيركردنەوەی تاكی كوردی بەرفراوان بكات و لە سنووری بيركردنەوەی حزبدا چەقی بەستووە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو عەقڵيەتەی حزبی كوردی ئاراستە دەكات, عەقڵيەتی هەژموون گەرييانە, ئەو عەقڵيەتەی كە پێی وايە حزب تاكە مەرجەعی دەسەلاَتەو پارێزگاری كردن لە هەيمەنەتی حزب و قودسيەتەكانی ئەركی كۆمەڵەو, گوتاری خۆی بەگوتاری دەستە جەمعی كۆمەلاَنی خەڵك دەزانن, هەروەك لەڕابردوومانەدا بەرچاو دەكەوێت حزبی كوردی لەگەڵ داگير كەراندا چۆتە سەرمێزی گفتووگۆ و لەهەمان كاتدا شەڕی براكان دەكات, بەپێی سەردەمە جياوازەكان دروشم و ستراتيجی دەگۆڕێت هەروەك لە ستراتيجی PKKدا رويدا, بەبێ ئەوەی پرسێك بەكۆمەلاَنی خەڵك بكەن, لەگەڵ ئەوەشدا حزبی كوردی عەقڵيەتی خێڵ هەميشە ئامادەگی تێدا هەبووە, وەك چۆن عەقڵيەتی خێڵ داخراو بووە حزبيش بەهەمان شێوە خاوەن عەقڵيەتی كراوە نەبووە, ڕەنگە كەمێك جياواز لە عەقڵی خێڵ گوێ بۆ هەنديك رەخنە شل بكات, وەلێ گۆڕانكاری تێدا دروست ناكات بەومانايەی حزب خۆی بڕيار لەسەر شتەكان دەدات ئاينده دياری دەكات بەبێ درووست كردنی گۆڕنكاری لە بونيادی عەقڵی كورديدا, بەبێ پيادە كردنی پرۆسەيەكی رەخنەگرانەی جدی بەردەوام روانين لەئاينده جگە لەتراويلكەيەكی هەڵخەڵەتێنەر چيترنيە.

بەختيار دەلێ:"ئێمە خۆمان لەپێش دەم دووريانێكدا دەبينين دواوەی خوێن و برين و پێشەوەی تاريكی‌يە, رابردووی شكستەو بەردەمی ناديارو نەزانراوە خۆمان لەخالێكدا دەدۆزينەوە گەر ورد تەماشا بكەين مێژووی سياسی ئێمە لەم سەد ساڵەدا رێك دووبارە بوونەوەی بێ حيكمەتە".

نازانم چی وادەكات لەخەونی خۆشنودی ئاينده بەگومان بين و دووچاری شۆك و دڵە راوكێ ببين دەبێت هۆكاری ئەم بەدگومانييە سەرئەنجامی ئەو هەرەسە يەك لەدوای يەكانە بێت كە پانتاييەكی فراوانی لەمێژووی گەلەكەماندا داگيركردووە رەنگە رەچاونەكردنی ستراتيجێكی كۆنكرێتی و بايەخ نەدان بەئاسايشی نەتەوەييمان دووچاری ئەو زەرەروو زيانە گەورەيەی كردبێتين خۆش باوەڕيمان و نەبوونی خوێندنەوەيەكی وردی عەقڵی بەرامبەرو هەستی خۆبەكەم زانين لە بەرامبەر ئەوانی ديدا دووچاری گەلێك شكستی كردووين, نەبوونی فكری نەتەوەيی و هەڵنەسەنگاندنی وردی مێژوو هۆكارێكی ديكەی شكستەكانمانە "كريس كۆچێرا" دەڵێت:"كورد مێژوو ناخوێنێتەوە" بەمانای ئەوە دێت ئەزموون لە رابردوو وەرناگرين و هەڵەكانی پێش خۆمان دووبارە دەكەينەوە.

ئەم بۆچوونە بەوتەيەكی "بەختيار عەلی" كۆتايی پێدێنم كە دەلێ:"كورد بوون چەندە جەنگە لەدژی داگيركەر جەنگيشە لە دژی هەموو ئەو كولتورەی تائەمڕۆ كاراكتەری ئێمەی دروستكردووە, جەنگە لەدژی مێژووی

شێوەکانی کوردبوون, مەرجی یەکەمی کوردبوون تیایدا توانایە لەسەر رەخنە گرتن لەو فۆرمانەی مێژوو بۆ کورد بوون دروستی کردووە".

پەراوێز

١–ئاراس فەتاح/ دەستەڵات دارێتی و پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون/ رەهەند/ ژمارە١٢–١٣

٢–بەختیار عەلی/ سەدەی ناسیۆنالیزم/ بەرەو دارِشتنی زەمینەیەکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی ناکۆکییە ناوەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی/ رەهەند ٩–١٠

٣–هەمان سەرچەوەی پێشوو.

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org